سوودمەندانی خۆشەویستی بەرنامەی هێلیۆس

تکایە بیرتان بێتەوە کە لە ڕێکەوتی ٣٠ / ١١ / ٢٠٢٤ کۆتایی بە ماوەی پێشبینیکراوی بەرنامەی هێلیۆس دەهێنرێت. ناوتۆمارکردن وگرێبەستی نوێی خانوو تەنها تا ڕێکەوتی ٣١ / ٨ / ٢٠٢٤ قبووڵ دەکرا. خزمەتگوزاریەکانی پڕۆژە وەکوو چاودەری تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا، ڕاوێژکاری پیشە، کۆرسەکانی فێرکاری، پاڵپشتی پەیدا کردنی خانوو و کارگەی فێرکاری نیشتەجێبوون لە ١ / ٩ / ٢٠٢٤ ڕاگیراوە؛ لە هەمانکاتدا، لە ١ / ٩ / ٢٠٢٤ تاکوو ٣٠ / ١١ / ٢٠٢٤ تەنها دابینکردنی یارمەتی کرێی خانوو بۆ ئەو بەهرەمەندانەی کە پێشتر وەریان دەگرت، بەردەوام دەبێت.

تکایە ئاگاداربن کە تەنها یەک ناوەندی هێلیۆس ILC ( لە ئەسینا ) ناو نیشان (Alkminis 36-38) وە یەک ناوەند لە سالۆنیک بە ناونیشان ( Ptolemaion 29A) لە مانگی نۆ تاکوو یازدە واتە سێپتێمبرتا نۆوەمبەر کراوەدەبێت بۆئەوەی دوای گرتنی مەوعید، بەڵگەنامەکانی پێویست بە یارمەتی کرێ خانوو پێشکەش بکەن. وردەکاریەکانی پەیوەندی کردن بەبەشی پەیوەندیدار لەگەڵ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی یارمەتی کرێ بۆ مانگی نۆ تا یازدە، دواتر لەڕێگای کاربەدەستانی هێلیۆس پێتان ڕادەگە یە نرێت.

هەروەها دەمانەوێت ئاگادارتان بکەینەوە کە ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچەران (IOM)بۆ کردنەوەی بەرنامەیەکی نوێ کە بەدوای پڕۆژەی هێلیۆسدا دێت و بۆ پشتگیری لە تێکەڵبوونی بەهرەمەندانی پاراستنی نێودەوڵەتی و پاراستنی کاتی لە یونان‌دا دادەمەزرێت، بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدارگفتوگۆدەکات. دەرەنجامە ئەرێنیەکانی ئەم هەوڵانە لەکاتی پێویست پێتان ڕادەگەیەنرێت.

ڕێکخراوەی IOM و دەستەپڕۆژەی هێلیۆس بە پاڵپشتی لە هەوڵی بەردەوامتان بۆ تێکەڵبوون لەکۆمەڵگای یونان پابەند دەبن.

بەرنامەی هێلیۆس